گیان لەدەستدانی کچێکی تەمەن نێ ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە

بەوەوە بەرایەتیی پۆلیسی هاپەیمان رایگەیاند، کچێکی تەمەن نێ ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە گیانی لەدەستدا و بەوتەی کەسوکارەکەشی، بەهۆی دەستکاریکردنی چەك لەلایەن منداڵێکی دیکەوە، ئەو کچە نێ ساڵانە گوللەی بەرکەوتوە". پۆلیسی هاپەیمان لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ کچێکیان بە بریندارى هێنایە نەخۆشخانەی گشتی هانیە بەناوی (س،ع،ڵ) تەمەن نێ ساڵ کە دانیشتوی گەڕەکی دابانی قەزای حاجیاوابو، شوێنەواری گوللە بە جەستەیەوە هەبو، لەبەر سەختی برینەکەی بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی لەڕێگا بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لەلایەن بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی هانیە دەسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕوداوەکە کرایەوە، بەگوێرەی وتەی کەسوکاری "کاتێك کچەکە لەگەڵ چەند منداڵێکی دیکە لەماڵی باپیری بوە لە گەڕەکی کۆوەڕەشی هانیە، لەو کاتەدا یەکێك لەمنداڵەکان دەستکاری چەکی کردوە فیشەك بەر کچەکە کەوتوە".

ئەوەشیخستەڕو، "دوای گەیشتنی تیمی بەڕێگەکانی تاوانی ڕاپەڕین بۆشونی ڕوداوەکە، لە شونی ڕوداوەکە دەستگیرا بەسەر چەکەکی کاشینکۆف لەگەڵ دو قەوانی تەقیو، بە زانینی هەکاری ڕاستەقینەی ڕوداوەکە لەکەینەوە بەردەوامە".